# کێشەی کوردو ئەزموونی دیموکراسی لە ئایندەی عێراقدا

یاسین بانیخێلانی

پرسیارەکە ئەوەیە: ئایا ئەو مۆدیلە\ئەزموونە دیموکراسییەی قسەی لێوە دەکرێت بۆ ئایندەی عێراق، ئەو مۆدیلە\ئەزموونە دیموکراسییەیە، کە دەتوانێت وەڵامی کێشە\پرسی کورد بداتەوە؟.

بێگومان بە بێ تێگەیشتن لە خودی دیموکراسی، ئاستەمە ئێمە بتوانین قسە لە ئایندەی عێراقێکی ئازاد بکەین بەو شێوەیەی سەرکردە کوردەکان شەوو ڕۆژ هەلهەلەی بۆ لێدەدەن. چونکە عێراق جگە لەوەی وولاتێکی ڕۆژهەلاتییە، ئەڵبەتە ڕۆژهەلاتی بەو مانا نا خۆرئاوا وێنای دەکات، بەڵکو وەك ئەو واقیعەی لۆژیك و عەقلّ کەمترین ڕۆڵی هەیە لە بەرامبەر هەست و سۆزدا، بۆیە دەشێت لەو جێگانەدا، کە عەقلّ ناتوانێت وەك پێویست کاری خۆی بکات هەمیشە بەربەستەکان گەورەو فراوانتر بن لەبەرامبەر پرۆسەی دیموکراسیدا، بەتایبەتیش لە وولاتێکی ڕۆژهەلاتی فرە ئەتنی وەك عێراقدا.

کاتێك ئێمە باس لە عێراق دەکەین، کەواتە باس لە کۆمەڵێك کولتور، زمان و ئاینی جیاواز بە مەزهەبەکانیشەوە دەکەین، باس لەوە دەکەین عێراق لە ڕێگای پرۆسەی دیموکراسیەوە بگۆڕین بە عێراقێکی مولتی کلتور\ئاین لە کاتێکدا ڕەگی ناسیۆنالیستی مێژوویەکی کۆنی هەیەو لە هەر سەردەمێکدا بە شێوەو دەم و چاوێکی جیاوازەوە هاتوونەتە مەیدان تا لەسەردەمی بەعسدا کامڵ بوو. بۆیە دەڵێم: لەسەردەمی بەعسدا کامڵ بوو، چونکە بەعس چەند دەیەویست لەڕێگای ئەو چەك و جبەخانە مۆدێرنانەوە هەوڵی دەوڵەتێکی مۆدێرنەی سەربازی بدات، لە پشتی ئەوەشەوە کولتوری خزمخواهی و خێڵی زیندوو دەکردەوەو دەیکردنە بەشێك لە پێکهاتەی دەوڵەتەکەی، سەرەڕای ئەوەی لە پازدە ساڵی ڕابردوودا ئیتر ئاینی وەك ئایدۆلۆژیای حیزب بەیاندەکرد و ناوی سەدام حوسەین لە دوای ناوی خواو پێغەمبەرەوە دەهات. نابێت ئێمە بەو هەڵەدا بچین بە نەمانی ڕژێمی بەعس ئیتر بزوتنەوەی ناسیونالیستی لە عێراقدا کۆتایی دێت، چونکە بەعس وەك دەسەلات لەناو چووە، بەلاّم وا دەبینین لە ژێر ناوو دەم و چاوی تردا دێتەوە، ڕەنگە ئەمە کێشەی سەرەکی تێنەگەیشتنی ئێمەی کورد بێت لە دیموکراسی بۆ ئایندەی عێراق. نابێت ئێمە لەبەر ئەوەی بڕوامان بە (دیموکراسی) هەیە دیسانەوە دیاردەی خێڵ و مەزهەبگەرایی زیندوو بکەینەوەو بیانهێنینەوە بۆ ناو دەسەلات، نابێت لەبەر ئەوەی بڕاوامان بە (دیموکراسی) هەیە ئیتر هەموو قسەکردنێك لە سەر ئەو شتانەی ناوی نراوە پیرۆزایەتی (مقدسات) قەدەغە بکرێن! ئەگەر ئەمانە پێکهاتەی دیموکراسی بن ئەوا دەسەلاتێکی تۆتالیتاری تر لە ئایندەدا چاوەنوارمان دەکات. من پێم سەیرە سەرکردەیەك دوازدە ساڵە یەك بەشی کەمی کوردستان لە ژێر دەسەلاتیدایە نەیتوانیوە ئەزموونێکی دیموکراسی هەبێت، کەچی ئێستا داوای دیموکراسی بۆ هەموو عێراق دەکات بە هەموو ئەو کولتور، مەزهەب و زمانە جیاوازانەوە لە عێراقدا هەن!. لەمەش مەهزەلەتر ئەوەیە هەمیشە کوردستان وەك نمونەیەکی بالاّیی دیموکراسی نیشان دەدەن و دەیانەوێت بیکەن بە نمونە بۆ ئایندەی عێراق! بۆیە ئەگەر دیموکراسی عێراقی ئایندە نمونەی دیموکراسیەتی کوردستان چاوەنواری بکات، ئەوا دەبێت لە ئێستاوە کورد بۆ شەڕێکی گەورەو خوێناوی ناوخۆ لەوەی کوردستان لەماوەی ئەو چەند ساڵەی ڕابردووی حیزبە کوردییەکاندا ڕوویدا ئامادە بکات. ڕەنگە زۆر کەس ئەمانە بەقسەی ڕەق و توند لە دژی ئەزموونی دوازدە ساڵەی حیزبە کوردییەکان بزانێت، بەلاّم ئەمە ئەو ڕاستییە تاڵەیە، کە بەشێك لە مێژووی ئێمە پێکدەهێنێت و ئەمڕۆ یا سبەی هەر دەبێت بگوترێت، کە جگە لە شەڕی ناوخۆ ئەو حیزبانە گەورەترین هەڵەی تر ئەوەبوو، نەیانهێشتایە چارەسەری پرسی کورد بکەوێتە ئەمڕۆ کەسانی وەك (سامەڕایی، خەزرەجی، چەلەبی، جبوری و سەدر) و ئەوان بڕیار لەسەر ئەوە بدەن لەداهاتووی عێراقدا کوردخاوەنی چی مافێك بێت! گەورەترین هەڵە ئەوە بوو حیزبە کوردییەکان لە دوای ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستانەوە لە بری دەسەلاتێك دووان و لەبری حکومەتێك دوو حکومەتیان هەبوو، کەچی خۆیان وەك ئۆپۆزیسیۆن نیشان دەداو کەسانی وەك (چەلەبی) شیان بە سەرۆکی ئۆپۆزیسیۆن قبوڵ بوو! . گەورەترین هەڵەی سەرکردە کوردییەکان ئەوەبوو، کە هیچ کامیان ئامادە نەبوو ئەوی تر وەك سەرۆك قبوڵ بکات و ئەوی تریان جێگری سەرۆك بێت، کەچی ئێستا بە سنگێکی فراوانەوە عارەبێك وەك سەرۆکی ئەنجومەنی حوکمی عێراق قبوڵ دەکەن! گەورەترین هەڵەی ئەو سەرکردانە لەوەدایە دوازدەساڵ لە کوردستانی بێ بەعس و سەدامدا نەیاتوانی خۆیان بڕیارێکی چارەنوسساز بۆ کورد بدەن، ئێستا چاوەنواری ئەنجومەنی حوکمن بڕیارێك لەسەر ئایندەو چارەنووسیان بدات، کە کورد کەمترین دەنگە.

ئەمانەو چەندین نمونەی تر هەن، کە سەرکردەکانی کورد نایانەوێت چارەنووسی کورد بەدەست کورد خۆیەوە بێت و کورد خۆی لەسەر چارەنووسی خۆی بڕیار بدات، کەچی دەوێت! سەرکردەکانی کورد باسی دیموکراسی لە کوردستاندا وەك نمونەیەکی باڵا بۆ عێراقی داهاتوو دەکەن، بەڵام یەك کورد لە کوردستان باسی دەوڵەتێکی کوردی بکات لوتی دەبڕن و دوور نییە هەزارو یەك تاوان نەدەنە پاڵی. لە ئەزموونە دیموکراسییەکەی کوردستاندا دوو کورد، کە هەریەکێکیان سەر بەلایەنی یەکێك لە حیزبە سیاسییەکان بوو نەك نەیدەتوانی ئەویتر قبوڵ بکات، بەڵکو هەوڵی سڕینەوەی بوون و لەناوبردنی یەکتر بوون، کەچی سەرکردەکان پێیان وایە لەئەزموونی دیموکراسی ئایندەی عێراقدا کورد، عارەب، ئاشوری و تورکمانەکان، کە چوار نەتەوەو ڕەگەزی جیاوازن جگە لەو هەموو گروپ و مەزهەبە توندڕەوە جیاوازانە دەتوانن پێکەوە وەك براو بێ کێشە بژین! بەڕاستی من پێم سەیرە دەسەڵاتێك لەچوارچێوەیەکی دیاریکراوی تەسکدا نەتوانێت دیموکراسی بۆ میلەتەکەی خۆی دەستەبەر بکات، کەچی بڕوای بەوە هەبێت لە عێراقێکی پان و بەرین و فرە ڕەگەزو مەزهەبدا بتوانێت دیموکراسی دەستەبەر بکات، لەکاتێکدا ئەوانی بەرامبەر هێشتا تۆ وەك ڕەگەزێکی تر قبوڵ ناکەن!. یا لەباشترین حاڵەتدا توندڕەوە شیعەکان هەروەکو فۆندەمێنتالە ئیسلامییەکاتی تر ئەسڵەن دیموکراسی و دەوڵەتی مۆدێرنە بەکوفر دەزانن، تەنانەت ئەگەر گوێمان لە خوتبەکەی (سەدر) ی ڕۆژی هەینی 25. 7. 2003مزگەوتی کوفە بووبێت، ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێت، کە دەشێت کام دیموکراسی چاوەنواڕی عێراقی داهاتوو بکات!. ڕەنگە هەر ئەو دیموکراسییەی سەرکردە کوردەکان بۆ عێراقی داهاتووی داوای دەکەن بتوانێت ئەو هەموو ناکۆکی و جیاوازییانە لەناو یەکدا کۆبکاتەوە، بۆ نمونە لە باکوری عێراق (کوردستان) ئافرەت ئازاد بێت لەوەی سەرپۆش بدات یا نا، بەڵام لە باشور بۆی نەبێت، لە باکور باڕ و مەیخانە ئازاد بێت، بەڵام لە باشور یاساغ بێت، لە باکور هەموو مەسەلە تابوەکان ئازاد بێت مرۆڤ قسەی لەسەر بکات بەڵام لەباشور زمانی خەڵك ببڕن و. . . تد. ئەم مۆدیلە دیموکراسییە نوێیەی سەرکردە کوردەکان خۆیانی پێوە ماندووکردووە\دەکەن دەشێت مۆدێرنترین مۆدیلی دیموکراسی بێت، چونکە لە هیچ جێگایەکی جیهاندا نمونەیەکمان نییە، کە وڵاتێك لە باکورەکەی ئازادی هەبێت و لەباشورەکەی دیکتاتۆری، وڵاتێك لەباکورەکەی دیموکراسی هەبێت و لە باشورەکەی وشەی دیموکراسی وەك کوفر ناو ببرێت لەیەککاتیشدا سەر بە ناوەندێك بێت، بۆیە دەشێت من چاوەنواڕی ئەوە بکەم، کە سەرۆکی داهاتووی عێراق مرۆڤێکی جوتکەسایەتی بێت، جوتکەسایەتی بەو مانایەی لەیەککاتدا بڕوای بە دیموکراسی و دیکتاتۆریش هەبێت!.

ئەمانە جگە لە مەهزەلەیەکی سیاسی، کە سەرکردە کوردەکان پێش هەموو کەسێك بە خۆیان و حیزبەکانیان ئەوجا کەسایەتی کوردیەوە دەکەن هیچی تر نییە، لەکاتێکدا لەعارەبەکان زیاتر خۆیان بەعێراقبوون و عێراقچێتییەوە ماندوو دەکەن، تا ڕادەیەکی وەها هێشتا دەهۆڵەکەی پەنجا ساڵ لەمەوبەر لێدەدەنەوەو گەردیلەیەك گۆڕان بەسەر ئەقڵیاندا نەهاتووە، کاتێك دەڵێن: (کلیلی چارەسەری کێشەی کورد لە بەغدایە) ، ئاخر من دڵم بەو کەسە گوناهانە دەسوتێت، گلەیی لە سەرکردەکان دەکەن، کە گوایە چی دەکەن لە بەغداو کاریان چییە چونەتە بەغدا؟ لەکاتێکدا ئەم خەڵکە بەستەزمانانە لەوە بێئاگان، کە سەرکردەکانی ئێمە بەدوای کلیلی چارەسەری کێشەی کورددا دەگەڕێن، کە وا بۆ سەد ساڵێك دەچێت لە بەغداد ونبووە!.

ئەوەی لە ئێمە ئاشکرایە لەڕێگا میدیا عارەبییەکانەوە نەك کوردییەکانەوە ئەوەیە، دووبارە بوونەوەیەك، بەڵام بە شێوەیەکی ترسناکتر لە مێژووی سیاسی کورددا بۆ چارەسەرکردن و بنەبڕکردنی کێشەی کورد ڕوودەدات، لەبەر ئەوەی نەك ئەمەریکا تا سەر لە کوردستان و عێراق بەم شێوەی ئەمڕۆ نامێنێت و دەسەڵاتی ناوەندی عێراق دەبێتە بڕیاردەر لەسەر هەموو ئەو کێشانەی لە ئایندەی عێراقدا بە کێشەی کوردو مەزهەبەوە سەرهەڵدەدەنەوە، بەڵکو لەبەر ئەوەی بەرپرسیارێتی کێشەی کورد دەکەوێتە ئەستۆی سەرکردەکانی کورد، چۆن نەیانتوانی لە هەلێکی مێژوویی زێڕیندا بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆیان بدەن. بۆیە لێرەدا ئەو پرسیارانە قوت دەبنەوە، حیکمەتی خۆ بەستنەوەی سەرکردە کوردەکان بە عێراقێکی تاریکەوە، کە هیچ کەسێك نازانێت ئایندەی بە کوێ دەگات، لە کاتێکدا وا بە ئاشکرا شیعەکان داوای دروستکردنی سوپای مەهدی دەکەن چییە؟ ئایا سەرکردە کوردەکان لە جیاتی حکومەتێك دوو حکومەتیان هەیەو وەك نمونەی باڵای دیموکراسی ناوزەدیان دەکەن، بۆچی خۆیان بە حکومەتە ئایندە تاریکەکەی بەغداوە دەبەستنەوە؟ ئایا ئەو نهێنییە چییە پێنج ساڵە دەستی دەستی بە خەڵکی کوردستان دەکەن و ئەمڕۆ نا سبەی هەردوو حکومەتە دەکەین بەیەك، کەچی لەبری ئەوەی بڕیارێکی بنەبڕ بدەن و لەپەرلەمانە زۆڵەکەی هەولێر کۆببنەوە کاتێك دەزانین وەك قارچك لە بەغدا هەڵدەتۆقن؟ ئایا ئەو دیموکراسیخوازانەی ئایندەی عێراق دەستنیشان دەکەن تا ئێستا بە شێوەیەکی فەرمی دانیان

به پەرلەمانی کوردستاندا ناوە، ئەگەر بەڵێ، ئەی بۆ ڕۆژێك دانیشتنێك بە نوێنەرایەتی ئەمەریکییەکان لە پەرلەمانی کوردستان نەکرا؟ ئایا ئەو مۆتەکە چییە بەسەر سەرکردە کوردەکانەوە، کە وەك خۆیان بڕیار نادەن، ناهێڵن، خەڵکی کورد بۆ خۆی بڕیار لەسەر چارەنوسی خۆی بدات، کە ئایا خوازیارە بەشێك بێت لە عێراق یا سەربەخۆ بێت؟. دیارە پرسیارەکان زۆرن، ئەگەرچی کێشەکەی ئێمە لەسەر زۆرو کەمی پرسیار و ڕامان نییە، ئەوەندەی لەسەر ئەوەیە تۆ پرسیار لە کێ دەکەیت و لە کێ و کوێوە وەڵامەکانیان وەردەگریت!.

مەسەلەیەکی تری گرنکی پرس\کێشەی کورد لەوەدایە، تا ئێستا ڕۆشن نییە ئەو فیدراڵییەی بۆ ئایندەی عێراق داوا دەکرێت، کام شێوە لە شێوەکانی فیدراڵییە! بەمانایەك لەماناکان ئەو فیدراڵییە چۆن ماف ئەتنەکانی ناو عێراق دابەشدەکات و چۆن مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات! ئایا ماف ئەتنەکان لە سەر ئاستی زۆر و کەم، چاك و خراپ، سەردەست و بندەست و باڵاو نزم دابەش دەکات یان هەر نەتەوەو ڕەگەزێکی جیاواز بە مەزهەبەکانیانەوە بەیەك چاو تەماشا دەکات و هەر نەتەوە مافی سەربەخۆیی خۆی لەهەرێمەکەی خۆیدا هەیە! مەبەستم ئەوەیە ئایا زمانی کوردی لە هەرێمی کوردستان دەبێتە زمانی فەرمی لەهەرێمەکەو زۆریش ئاسایی بێت، کە کوردێك ئەگەر سەفەری بەغدای کرد، زمانی عارەبی نەزانێت و ئەگەر کارێکی کەوتە دائیرەیەکەوە بە مافی خۆی بزانێت داوای وەرگێڕ بکات، یان هەر دەبێت بەشەق فێری عارەبی ببین و زمانی دەوڵەتی ئایندەی عێراق هەر بە عارەبی بمێنێتەوە!. هێشتا ئەم شتانە ڕوون نەبۆتەوە، بەڵام بە بۆچوونی من زمانی دەوڵەتی عێراق بە فەرمی زمانی عارەبی دەبێت، ئەمەش یەکێکە لەو خاڵانەی لە سیستەمی فیدراڵیدا جێگای نابێتەوە، چونکە ئەگەر وەك نمونە تەماشای ئەو وواڵتانە بکەین، کە فیدراڵین زمانی دەوڵەت مولتی زمانە، واتە هەر یەکێك لە زمانی ئەو میلەتە جیاوازانەی پێکهاتەی ئەو دەوڵەتەیان دروست کردووە زمانەکەیان وەك زمانی فەرمی دەوڵەت دەناسرێت، بۆیە ئەگەر کەسێك پرسیار لە زمانی فەرمی دەوڵەتی سویسرا بکات، ئەوا ڕووبەڕوی سێ زمان دەبێتەوە، هەروەها بەلجیکا، کە ئەوەندەی باشوری کوردستانە سێ زمانی فەرمی دەوڵەت هەیەو کەنەداش دوو زمان، بۆیە ئەگەر ئەمڕۆ ئەم خاڵانە پشت گوێ بخرێن ئەوان دیموکراسی لە ئایندەی عێراقدا جگە لە گاڵتەجارییەکی تری سیاسی هیچی تری لێناکەوێتەوە.

دوا پرسیار ئەوەیە: ئایا کورد بۆ خۆ دەربازکردن لەو کێشانەی لە ئایندەدا ڕووبەڕووی دەبێتەوە چییە؟. بەڕای من باشترین چارەسەر بۆ کۆتایی هێنان بە پرس\کێشەی کورد لە عێراقدا بڕیاری جیابوونەوەیە لەو قەوارە جوگرافییەی ناویان ناوە عێراق و کوردستانیشیان بە زۆر پێوە لکاندووە. چونکە چی وەك مێژوو، زمان، کولتورو ئاین دوو ڕەگەزی جیاوازین و هیچ خاڵێکی هاوبەش نییە پێکەوەمان گرێ بدات و هیچ خاڵێکی هاوبەشمان نییە، جگە لە مەسەلەی مرۆڤایەتی نەبێت، ئەمەش ناتوانێت وامان لێبکات، بە عێراقەوە بمان بەستێتەوە، لەبەر ئەوەی هەریەکێك لە ئێمە وەك هەر میلەتێکی تر دەتوانین ووڵات و سەربەخۆیی خۆمان هەبێت و ڕێز لە مافە مرۆڤایەتییەکانی یەکتریش بگرین.

30. 7. 2003 Heidelberg

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی نووسەرەکەیەتی، کوردستان نێت لێی بەرپرسیارنییە.